# دەسەڵاتی ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیریی دەسەڵاتی سیاسی

**ڕۆشنبیرو دەسەڵات بەردەوام لەململانێدان، هەر ئاشتبوونەوەیەک لە نێوانیاندا نەمانی ڕۆشنبیر ئەگەیەنێت"**

مەحمود ئەمین ئەلعالم

بەشی یەکەم

سەلاحی گەرمیان- سیدنی

بەدرێژایی مێژوو، پێشکەوتنی هەر یەکە لەشارستانییە کۆنەکانی میزوپۆتامیا، میسری کۆن، چینییەکان، مایا، گریك، ڕۆمان، وڵاتی فارس و خیلافەی ئیسلامی، تا دەگاتە پێشکەوتنی ئەوروپاو ئەمریکا لەسەردەمی نوێدا، تەنیا بەهێزو تواناو ژێری حوکمڕانەکان نەچوونەتە پێشەوە. شارستانی کارێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری بەکۆمەڵە. هەموو تاکە کەسەکانی ناو کۆمەڵ بەشداری لەدارشتن و بەهێزکردنی دەکەن. هەر لەسەرەتای شارستانیەتەوە، روناکبیرانی ناو کۆمەڵ لەفەیلەسوف، زانا، شاعیر، ئەدیب و هونەرمەندەکان ڕۆڵی بنەڕەتی و بەرچاویان بینیوە کە بەهۆش و بیری ئەوان بنەمای ژیان و یاساو بەها کۆمەڵایەتیەکان دانراون. لێرەوە دەکرێت بچینە سەر باس لەسەر ڕۆشنبیری. دیارە کە لەچوارچێوەی نووسینێك یان وتارێکدا ناکرێت بە چڕوپڕی باس لەهەموو لایەنەکانی بابەتێکی وا بکرێت، چونکە باسکردن لەچەمکی ڕۆشنبیری پێویست دەکات بە شێوەیەکی هەمەلایەنەو لەڕوانگەی جیاجیاوە قسەوباسی زۆری لەسەر بکرێت، چ وەك پێناسەی ڕۆشنبیرو ڕۆشنبیری، یان تێڕوانین بۆیان لەکلاوڕۆژنەی مێژوویی و فەلسەفی و سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجیەوە. زۆر لەفەیلەسوف، زانا، بیرمەندە شارەزایانی بوارە جیاجیاکانی زانستە مرۆییەکان، لەسەر چەمکی ڕۆشنبیری دواوون و لێکۆڵینەوەیان لەسەری کردووە، وەك (ئەرستۆ، مارکس، لینین، سارتەر، گرامشی، ئیدوارد سەعید، مەحمود ئەمین ئەلعالم)و دەیان و بگرە سەدانی تر. هەر لە سەرەتای دروستبوونی شارستانییەوە، پەیدابوونی دەسەڵات و بەهێزبوونی حاکمیەتی ئیمپراتۆرەکان،



بە بەردەوامی ململانێ بوونی هەبووە لەنێوان دەسەڵات و روناکبیرانی ناو کۆمەڵدا. لەهەر سەردەمێکیشدا لەنێوان زانایان و روناکبیراندا چەندینیان دژ بەدەسەڵات ڕاوەستاون و نەیار بوونە لەگەڵ سیاسەتەکانی ئیمپراتۆر، خەلیفە، سوڵتانەکان و سەرکردەکانی سەردەمی خۆیانداو بە بەردەوامیش ڕووبەڕووی جەمسەری و راونان و ئەشکەنجەو کوشتن بوونەتەوە.

(ڕۆشنبیر و چەمکی ڕۆشنبیری)

ڕۆشنبیر بەو کەسە دەوترێت کە دونیای زانین بە گشتی بە گۆڕەپانی خۆی دەزانێت، نەك لایەنێکی زانین بە تەنیا بگرێت و بەڵکو خۆی دەدات لەگشت لایەنەکانی هونەر، ئەدەب، مێژوو، فەلسەفەو سیاسەت. نەك تەنیا بە تێگەیشتن لەزانستە تیۆریەکان دەوەستێتەوە بەڵکو باس و تێڕوانینی هەیە لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان و درك بەکێشە چارەنووس سازەکان دەکات و پەنا دەباتە بەر عەقڵ و هۆش، ئازادیش بەلایەوە مەسەلەیەکی سەرەکییە.

(ئیدوارد سەعید) لەکتێبی (وێنەکانی ڕۆشنبیر) دەڵێت: "ئەو ڕۆشنبیرەی کە دەڵێت گوایە بۆ خۆی دەنووسێت و بەس، یان لەپێناوی زانین و زانستە تیۆرییەکان بە تەنیا، ناکرێت جێی باوەڕ پێکردن بێت" چونکە ڕۆشنبیری دەبێت بۆ کۆمەڵ بەگشتی بێت، تا ئەوەی بۆ بواری تایبەتی ڕۆشنبیری بێت. لەم روانگەیەشەوە، ڕۆشنبیر ئەو مرۆڤەیە کە دەتوانێت بازنەی خودی خۆی جێبهێڵێت تا خۆی لەناو کۆمەڵی پانوبەرین دەبینێتەوەو کێشەو گرفتەکانی خەڵکیتر دەبێت بەبەشێك لەخەمەکانی. ڕۆشنبیریی ڕاستەقینە بە خوێندەواری و وەدەستهێنانی بڕوانامەی ئەکادیمی نییە، چەندین خاوەن بڕوانامەو ئەزموون لەبوارە جیاجیاکاندان هیچ گۆڕانکارییەك بەسەر ئاستی بیرکردنەوەیاندا نەهاتووەو گیرۆدەی بیری ژەنگرتوو و نازانستیانەی کۆن و خورافاتن و لەپێناو بەرژەوەندی خۆیاندا بونەتە دارەدەستی دەسەڵات و چاوساغی دەزگا بەناوە ڕۆشنبیرییەکان و ڕاگەیاندنی حیزبەکان و بگرە دەزگا سەرکوتکەرکانیشیان. ڕۆشنبیری ڕاستەقینە هەردەم چاوی لەبەرەو پێشچوونەو تەنیا دیاردەو روداوەکانی ژیان شی ناکاتەوە، بەڵکو لەهەوڵی گۆڕانکارییەو لەگەڵ ڕەوڕەوی پێشکەوتندایە. بۆ ئەو مەبەستەش هۆشیارکردنەوەی خەڵك و دەستنیشانکردنی دیاردە ناهەموارو خاڵە لاوازەکان بە ئەرکێکی پیرۆزی خۆی دەزانێت. (کارل مارکس) لەم ڕووەوە لەخوێندنەوەیەکی بەناوبانگدا دەڵێت: "فەیلەسوفەکان کاتی خۆیان بەفیرۆدا لەتەفسیری جیهان لەکاتێکدا ئەرکی ئەوان گۆڕینی جیهانە".

(دەسەڵاتی ڕۆشنبیری و دەسکەلاکانی دەستی دەسەڵاتی سیاسی)

مرۆڤی ڕۆشنبیر لەناو سێ گۆشەیەکدا بەندە هەر سێ لاکەی کاریگەری دەخاتە سەری. لایەکیان دەسەڵات و یاساکانێتی، کە ئازادی بەند دەکات و سنوور بۆ بیرکردنەوەو هزر دادەنێت، لایەکی تری سەرهەڵدانەوەی بنەما دواکەوتووەکانی ئایینەکە بەربەستەو لەبەردەم ئازادی بیرو داهێنان و ڕووبەڕووی ڕۆشنبیران دەبێتەوە بەتووندوتیژی و تۆقاندن. لای سێیەمی سێ گۆشەکەش دواکەوتنە لەبوارەکانی بیرو هۆشیاری و کۆمەڵایەتییەوە. هەرەیەك لەدوو لای سێگۆشەکە پەیوەندی بتەوی هەیە بەلای سەرەکی یەکەم کە دەسەڵاتە.

بۆپێناسەی هەر شێوە دەسەڵاتێك پێویست بە تێڕوانین دەکات بەو سیاسەتانەی کە دەسەڵات پەیڕەوی دەکات بەرانبەر بە کۆمەڵانی خەڵك کە ناسنامەی دەسەڵات دیاری دەکات. کاتێك بەرژەوەندی دەسەڵات دەکەوێتە مەترسییەوە پەردە لەسەر ڕاستیە شاراوەکانی خۆی هەڵدەماڵێت و ناسنامەکەی زەق دەردەکەوێت. سیاسەتیش بواری ئەو بیرو کردەوانەیە کە دەسەڵات دێنێتە کایەوە کە سیاسەت ڕەنگدانەوەی هەڵوێست و بۆچوونێك دەبێت دوور لەویژدان و هۆشیاری و بنەما ئەخلاقییەکانەوەو هیچ بایەخێك بە بەهاو بنەماکانی خەڵك و بەرژەوندییە گشتیەکانی نادات، دەبێتە هۆی ئەوەی کە شەرعییەتی دەسەڵات بکەوێتە ژێر پرسیارەوەو لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا بێ متمانەیی بە دەسەڵات بێتە ئاراوە. لەم حاڵەتەدا دەسەڵات لەهەوڵی ئەوەدا دەبێت تا بۆی بلوێت پەنا بباتە بەر بیانۆو فریودان و چەواشەکردنی خەڵك. بۆ ئەم مەبەستەش پەنا دەباتە بەر لایەنی ڕۆشنبیری و کڕینی ڕۆشنبیرانی کلاسیك بۆ ڕەواج بوونی کاڵا ڕۆشنبیرەکانی خۆی لەڕێگای ئەوانەوە.

دەسەڵات بۆ ئەوەی بناغەی خۆی بەهێز کات، نەك تەنیا پێویستی بە دەزگای سەرکوتکردن هەیە بەڵکو پێویستی بە پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیکری هەیە تا پاڵپشتی بێت. هەروەها بە ڕۆشنبیریش تا سیاسەتەکانی جێگیر بکات و لەلایەن خەڵکەوە جێی متمانەبن و قەبوڵ بکرێن. بۆ ئەم مەبەستەش زۆر لەدەسەڵاتە سیاسییەکان بۆ لە قاڵبدانی مێشکی خەڵك پەنا دەبەنە بەر ئایین و پیاوانی ئایینی لەڕووبەڕوونەوەدا لەگەڵ ڕۆشنبیراندا بۆ ئەوەی ووشەی "نا" کە ڕۆشنبیر وەکو ئەرکێك پێویستە فێری خەڵکی بکات، لەبەین ببات و موقەدەساتە ئایینییەکان بسەپێنێت لەناو کۆمەڵدا، بۆ دانانی بەربەست لەڕێی گۆڕانکاری. ئەوەش بەبێ هیچ گومانێك سەرکوتکردنی و نامۆیی ڕۆشنبیرانی بەدواوەیە.

لەکوردستانیشدا دەسەڵات توانیویەتی زۆر لەو سیاسەتانە بەرجەستە بکات. هەروەها ویژدانی زۆر لەڕۆشنبیران بکڕێت و ماڵییان بکات، دەکرێت کە ئەوانە ناوی ڕۆشنبیری دەسەڵات یان بنەماڵە بخرێتە پاڵیان. زۆرێك لەو ڕۆشنبیرانە یان بێ دەنگیان هەڵبژاردووە، یان بێ لایەنی و هەڵوێستی نێگەتیڤیان نواندووە لەهەمبەر سیاسەتە چەوتەکانی دەسەڵات و ماڵوێرانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، یان زۆر بێشەرمانە خۆیان تەرخانکردووە بۆ پێشکەشکردنی هەموو جۆرێکی پاڵپشتی و هاوئاهەنگی لەگەڵ دامودەزگاکانی دەسەڵات و بە بیانۆ هێنانەوە بۆ سیاسەتە ناڕەواکانی بەبێ گوێدان بە بەرژەوەندی گشتی خەڵك، تەنیا وەك کارمەندی ملکەچ بۆ وەدەستهێنانی دەسکەوتی تاکەکەسی خۆیان، یان پلەوپایە وەرگرتن لەناو ریزەکانی دەسەڵاتدا.

ڕۆشنبیری سەر بەدەسەڵات تەنیا ئەو کەسە نییە کە پلەوپایەی بەرز دەگرێتە دەست لەدامودەزگاکانی دەسەڵات، بەڵکو ئەوانەشن کە مشەخۆری ڕۆشنبیریین، هەرچەندە ئەو دەسەڵاتە زاڵ و داپلۆسێنەریش بێت، لەدەرەوەی دەسەڵاتەوە هەوڵی ئەوە دەدەن ڕووی ناشیرینی دەسەڵات بشارنەوەو بە پێچەوانەی ڕاستییەکان بیخەنە ڕوو بە هەرچی هۆیەکەوە بێت. زۆرن ئەو ڕۆشنبیرانەی کە ڕەخنە ئاراستەی دەسەڵات دەکەن، بەڵام کە بانگ دەکرێن لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆ سەر خوانێك یان بۆ دەزگاکانی میدیا، دەستبەجێ هەڵوێست دەگۆڕن و "پشیپشی" بۆ دەسەڵات دەکەن.

(ڕۆشنبیریی ڕاستەقینەو ئەرکی ڕۆشنبیری بە هەڵوێست)

گۆڕانکاری لەپێناو چارەسەرکردنی باری ناهەمواری واقیعی ژیانی خەڵك پێویستی بەداهێنان هەیە، ئەو داهێنانەش کاری ڕۆشنبیرییە. هەر بۆیەش لەچوارچێوەی ئەو جۆرە کارە، پێویستە هۆشیاری و ئیرادەی مرۆڤ چ وەك کۆمەڵ یان تاکەکەس ڕۆڵی هەبێت لەو گۆڕانکاریەدا. ڕۆشنبیری بەواتای ویژدانێکی زیندوو عەقڵێکی کراوەیە، بۆیە کاتێك کە ویژدانی ڕۆشنبیرێك دەمرێت و لەپێناو بەرژەوەندی خۆیدا لەخزمەتی دەسەڵاتدا کار دەکات، ملکەچی دەسەڵات دەبێت و قەبوڵێتی دەروێشی بۆ دەسەڵات بکات و بەشێوەیەکی کوێرانە پەیڕەوی سیاسەتەکانی دەسەڵات بکات. بەهەرچی بیانۆیەکەوە بێت، ئەوا تەنیا کۆتایهێنان بەڕۆڵی پیرۆزی ڕۆشنبیری خۆی دێنێت و ئەچێتە ڕیزی ئەو مێگەلەی کە دەسەڵات ئەیەوێت بیدات،لەبەر ئەوە ناگەیەنێت کە خودی ڕۆشنبیریی ملکەچی دەسەڵات بووەو کۆتایی خۆی ڕائەگەیەنێت: "ناتوانم خەڵات یان پێزانینی دەسەڵاتێك قەبوڵ بکەم کە ڕوسیای بەرەو کارەسات بردووە". بەم ووشانە نووسەری بەناوبانگی ڕوسیا "سولجینتسین" ڕاشکاوانە، بەرزترین خەڵاتی "بۆریس یلتسین"ی سەرۆکی پێشووی ڕوسیای ڕەتکردەوە.

ڕۆمانووسی پایەبەرزی میسر "سەنعەللا ئیبراهیم" کە بەرهەڵستی خۆی بەرەوڕووی دەسەڵات پێشان ئەدات تەنانەت لەکاتی ڕێزلێنان و خەڵاتکردنی، لەبەردەم مایکرۆفون و کامێرای تەلەفزیونەکان و پەیامنێری میدیاکاندا، بەرزترین خەڵاتی دەوڵەت (بەهاکەیی 100 هەزار جونەیهی میسری)یە ڕەتئەکاتەوەو چاونەترسانە ڕووبەڕووی دەسەڵات ئەبێتەوەو بۆ نارەزایەتی نواندن لەسیاسەتەکانی دەسەڵات، ئەوانن بوونی ڕۆشنبیری خاوەن فیکرو ئەخلاقێکی بەرز ئەسەلمێنن وەك نوێنەرێکی ڕۆشنبیری بە هەڵوێست و ڕەوشت و نموونەی بەرزی ڕۆشنبیری.

**دەسەڵات بۆ ئەوەی بناغەی خۆی بەهێز کات، نەك تەنیا پێویستی بە دەزگای سەرکوتکردن هەیە بەڵکو پێویستی بە پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیکری هەیە تا پاڵپشتی بێت.**

# گەنج کەی بەرپرسیارە؟!

## چەند سەرنجێک لەسەر نووسینەکەی

## کاک هۆشیار عەبدولرەحمان



ئارام سدیق

لەژمارەی رابردووی هەفتەنامەی (ڕۆژی گەل)دا لەلاپەڕە (4)دا بابەتێکی کاك (هۆشیار عەبدولرەحمان) بڵاوکراوەتەوە بەناونیشانی (ئایا گەنجان و لاوانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردی لەئاستی بەرپرسیارێتیدان؟!) ئەم بابەتە چەند سەرنجێکیشی لای من دروستکرد کە دەمەوێت لەم نووسینە کورتەدا سەرنجەکانم بخەمەڕوو.

یەکەمین پرسیاری ئەم نووسینە خستنەڕووی پرسیاری ململانێی نەوەکانە، نەوەکانی کۆمەڵگەی کوردی لەپێکداکێشانی بەردەوام و خوێناویدان و تا هەنووکەش قسەی جیدیان لەسەر نەکراوەو کردنەوەی دەرگەی گفتوگۆ لەمەڕ نەوەکان کارێکی گرنگەو خزمەت بەو ململانێیە دەکات. کاك هۆشیار پێیوایە دوای ڕاپەڕین بەڕاستی ململانێ لەنێوان نەوەکاندا دروست بووە، بەڵام لەڕاستیدا ململانێی نەوەیەك لەدوای یەکەکان لەکۆمەڵگەی ئێمەدا مێژوویەکی دێرینی هەیەو پاش ڕاپەڕینیش لەگەڵ گۆڕانی هەموو بەها ئەخلاقی و کلتووری و کۆمەڵایەتیەکان ئەو ململانێیەش گۆڕانی بەسەرداهات و فۆڕم و شێوازی جیاجیای وەرگرتووەو کە هەندێکجار ململانێیەکی تووندوتیژ بووە. بۆ ئەوەی بچمە سەر کرۆکی بابەتەکەی کاك هۆشیار دەمەوێ وەڵامی ئەو پرسیارەی بدەمەوە کە کرۆکی وتارەکەی لەسەر داڕشتووە ئەویش پرسیاری (ئایا گەنجان و لاوانی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردی لەئاستی بەرپرسیارێتیدان؟!) لەوەڵامی کاك هۆشیاردا دەڵێم (بەڵێ) گەنجانی ئەمڕۆ لەهەمووکات زیاتر لەئاستی بەرپرسیارێتیدان و بەڵگەش بۆ ئەم قسەیەم بوونی ئەو جموجۆڵە بەرفراوانەی خۆپێشاندانە لەهەموو ئاستەکانداو لەهەر کاتێکدا کە پێویستی کردبێت، گەنجان زۆر لەوە هۆشیارترن، دەسەڵات بتوانێت ئاراستەیان بکات، بەڵکو ئەوان دەیانەوێت دەسەڵات ئاراستە بکەن بیرو ئاراستەو فۆڕمی نوێی کارکردن بدەنە دەسەڵات و حزبی کوردی. خۆپێشاندانی لاوانی کەلارو هەڵەبجەو کۆیەو زانکۆی سلێمانی... هتد گەواهی ئەو ئاگامەندیەی گەنجان و خەمخۆری سەرەکی ئەم وڵاتەشن.

دیارە کە باس لە (بەرپرسارێتی) بێت هەموو مرۆڤێك لەئاست خۆیداو بەرامبەر ئەو وڵات و هەرێمەی تێیدا دەژی بەرپرسیارەو ئەرکی لەئەستۆیە، بۆیە چەمکی بەرپرسیاری زۆر لەوە بەرفراوانترە کە تەنها نەوەیەك کە (گەنج)ە بەرپرسیاری بکەی لەبەرامبەر ئەو بارودۆخەی ئێستای کوردستان و عێراقی پێدا دەگوزەرێ، هەر گۆڕانێکیش لەکۆمەڵگەدا ڕوودەدات تەنها چینێکی کۆمەڵگە لێ بەرپرسیار نیە، بەڵکو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لێی بەرپرسیارن، بەتایبەتیش نەوەی کۆن بەرپرسیار ترە تا نەوەی نوێ، چونکە نەوەی نوێ کەم ئەزموونە.

لەبەشێکی تردا کاك هۆشیار ئاماژایەکی تیژتێپەڕ دەدات بەمەسەلەی پەروەردە. دیارە قسەکردن لەسەر سیستەمی پەروەردە ئەرکێکی تری گرنگی ئەمڕۆی هەموو میدیاکانەو کە بەداخەوە، زۆر کەم قسەی لەسەر دەکرێت. من پێموایە خراپی و ناکامڵی سیستەمی پەروەردە کارێکی وایکردووە کە نەوەیەکی تووندوتیژو خەمساردمان هەبێت و ئەوانەشی تەنها گرێدراوی ئەو پەروەردە کۆنزەرڤاتیڤەن نەك بەرپرسیار خۆیان نابینن، بەڵکو هیچ ئینتیمایەکی نیشتیمانی نیشان نیە، واتە دەمەوێت زۆر بەکورتی بڵێم سەرلەبەری سیستەمی پەروەردە لەکوردستاندا دەیەوێت نەوەیەکی بێ پرسیارو نابەرپرسیارو بێ دەنگ بێنێتەبوون و ئامانجەکەشی بەڕێژەیەکی زۆر بەرز پێکاوە.

دواجار دەمەوێ ئەوە بڵێم (کاك هۆشیار) نەوەی نوێ هەست بە بەرپرسیارێتی دەکات، بەتایبەتیش گەنجە ڕۆشنبیرەکان نەك ئەو گەنجانەی سیستەمی پەروەردە لەدەرەوەو ناوەوەی خێزان خەساندوونی بەتایبەتیش حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، مۆدێلێکی زۆر ناشیرینیان لەدەسەڵات پێشکەش کردین، کە زۆرێك لەمرۆڤی کوردی تووشی پەتای نابەرپرسیارێتی کردووە.